# هەندیك لەچالاكی سەوسەن سەلیم لە چوارچێوەی كەمپینی دژی كوشتنی ناموسی

لە 21-10 دا Faction Films كەپرۆژەیەكی ئامادەكردنی فلیمی دۆكیومەنتیە لەسەر مەسائیلی جزراجور بۆ كەنالە ئینگلیزیەكان، چاوپیكەوتنێكیان لەگەل سەوسەن سەلیم و دوونوینەری پۆلیسی سكۆتلەند یاردو هەنانە صدقی لە ( Southhall Black Sister) سازدا گەرچی بابەتەكان و پرسیارەكان زۆر جوراوجور بوون بەلام بەگشتی لەسەر دیاردەی كوشتنی ناموسی وە بەتایبەتی لەناو كۆمیونتی كوردا و هۆكارەكانی روادنی ئەم دیاردەیە لە ئەوروپا سیاسەتی فرە كەلچەری ، گاریگەری ئیسلام وكلتوری ناسیۆنالیزم لەسەر مافەكانی ژنان و هاوكات كارەكانی كەمپینی دژی كوشتنی ناموسی.

لە 11-11 دا هەر لە چوارچێوە كارەكانی كەمپینی دژی كوشتنی ناموسی، رادیوی (Radio Production) چاو پیكەوتنێكیبۆ ماوەی یەك سعات لەگەل سەوسەن سەلیم و سەلەكشنە كە كارگیری رێكخراوەیەكی ژنانی ئاسیا یە سازدا. چاوپیكەوتنەكە تایبەت بوو بەقسەو باس لەسەر دیاردەی توندتیژی خێزان وكوشتنی ناموسی بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی ناوەراست هاوكات لە ناوپەنابەرانی كوردو رۆژهەلاتی ناوەراست ئاسیادا. شایانی باسە زوربەی قسەو باسە كان چوە سەر باس لە كاریگەری ئیسلامی سیاسی ئیسلام لە سەر وەزعی ژنان بەردەباران و كوشتنی ناموسی.

لە 20-11 دا رێكخراوی(GIKDER) ریكخراوەیەكی كوردی توركیە لە لەندەن پانیلیكیان 3 سەعاتیان بۆ سەوسەن سەلیم سازدا شایانی باسە كە كەنزیكەی 50 كەس بەشداری ئەو پانیلەبوون زۆر لەبەشدار بوان ئەندامانی حزبی ماركسی لینینی توركیا بوو پانیلەكە تایبەت بوو بەقسەو باس لەسەر وەزعی ژنان دوای شەر لە عیراق و كوردستان دوای ئەوەی سەوسەن سەلیم بەشیوەیەكی تفصیل لەسەر وەزعی ژنان لەعیراق و قەراری 137و دەستوری تازەی عیراق و گۆرینی 8 مارس وفراندن وكوشتنی ژنان قسەی كرد هاوكات لەسەر كارنامەی رەشی ئیسلامیەكان لەعیراق دواتر قسەوباسی لەسەر رێكخراوی ئازادی ژنان و هەلسورانی وە ئەلتەرناتیفی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق بۆ وەزعی ئەم رۆی عیراق كرد.

2004-11-22